# هەڵسەنگاندنی جوگرافی بۆ دۆخی زیادەڕۆیی نیشتەجێبوون لە شاری کۆیە ( لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانییە)

گلێنە جواد حمد[1] ڕۆستەم سلام عزیز [2]

[1،2] بەشی جوگرافیا، فاکەڵتیی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوختە**

ناوچەی زیادەڕۆیی نیشتەجێبوون ناوچە بێپلانەکان دەگرێتەوە، کە خزمەت گوزاریی کەمیان تێدا بەدیدەکرێت، لە ڕووی یاساییەوە ڕێگە پێدراو نین، یاخود خاوەن مێژوویەکی کۆنن. لەسەر زەوی حکومەت یاخود زەوی کشتوکاڵی بونیات نراون، ئەو ناوچانە خاوەنی کۆمەڵێک تایبەتمەندین لەوانە تەسکی ڕێگاکانیان و خراپی کەرستەی بەکارهاتوو، لە دروست کردنی خانودا، چڕی دانیشتوان لەم ناوچانەدا بەرزە، دانیشتوانی ئەم ناوچانە لە ئاستێکی نزمی ئابوری و کۆمەڵایەتین، ڕێژەی سەوزای لە خانوەکانیاندا کەمە.

دیاردەی زیادەڕۆیی نیشتەجێبوون یەکێکە لەو دیاردانەی، کە ڕووبەڕووی زۆربەی شارەکانی جیهان بۆتەوە، لە ئەنجامی خراپی بارودۆخی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی، کۆچکردنی ژمارەیەکی زۆر دانیشتوان لە گوندەکانەوە بۆ شارەکان، ئەم دیاردەیە ڕەنگدانەوەی نەرێنی لە سەر بارودۆخی ئابوری و کۆمەڵایەتی و دیمۆگرافی و خزمەتگوزارییەکان دروست دەکات. لێکۆڵینەوە لە دیاردەی زیادەڕۆیی نیشتەجێبوون لە شاری کۆیە گرینگی تایبەتی خۆی هەیە، بە هۆی قەبارەی گەورەیی دیاردەی زیادەڕۆیی نیشتەجێبوون و ئەو خەسڵەت و گرفتانەی کە دانیشتوانەکانیان پێوەی دەناڵێنن. ئامانجی لێکۆڵینەوەکەمان دابەشبوونی شوێنییە بۆ ناوچەکانی زیادەڕۆیی نیشتەجێبوون لەسەر ئاستی گەڕەکەکان و دەرخستنی دۆخی ناوچە زیادەڕۆییەکانی نیشتەجێبوون لە ڕووی کۆمەڵایەتی و ئابوری و ژینگەیی هەروەها جەخت خستنە سەر لێکەوتەکانی ئەم دیاردەیە، توێژینەوەکەمان دەگاتە ئەو ئەنجامەی ناوچەکانی زیادەڕۆیی نیشتەجێبوون، لە شاری کۆیە بە ڕێژەیەکی بەرز بوونی هەیە، لە کۆی ٢٩ گەڕەک ٢٠ گەڕەک بەڕێژەی جیا جیا خانوی زیادەڕۆیی تێدا بڵاوبۆتەوە. ناوچەکانی زیادەڕۆیی نیشتەجێبوون ڕووبەڕووی کۆمەڵێک کێشە دەبنەوە، کە بریتین لە کێشەی یاسایی و کێشەی خزمەت گوزاریەکان و کێشەی کۆمەڵایەتی و کێشەی ئابوری و کێشەی پیس بوونی ژینگە.

**وشە سەرەکییەکان:** دۆخ، زیادەڕۆیی، شاری کۆیە، لێکەوتەکانی، نیشتەجێبوون.

## 1. پێشەکی

شوێنی نیشتەجێبوونی زیادەڕۆیی لە شارەکانی جیهان، بۆ سەرەتای شۆڕشی پیشەسازی دەگەڕێتەوە. بە هۆی ئەوەی ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتوان لە گوندەکانەوە بۆ شارەکان کۆچیان کرد. بۆ دەست کەوتنی هەلی کار لە کارگەکانی شارەکان. کەلتوری خانوی بێ پلان و هەرەمەکیان گواستەوە بۆ شارەکان و ئەمەش بوە دیاردەیەک کە ئێستا لە جیهان خانووی زیادەڕۆییان دروست کرد، بەربڵاوەو بونی هەیە. ئەم ناوچانە کۆمەڵێک چەمک و زاراوەیان هەیە لەوانە: شوێنی نیشتەجێ بوونی هەرەمەکی و شوێنی نایاسایی.

گۆڤاری زانکۆی کۆیە بۆ زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان، بەرگی ٦، ژمارە ٢ (٢٠٢٣)
ڕێککەوتی: وەرگرتن ١٠ حزیران ٢٠٢٢؛ پەسەندکردن: ٤ تشرين الاول ٢٠٢٢
توێژینەوەی ڕێکخراو: لە ١٨ کانوونی یەکەم ٢٠٢٣ بڵاوکراوەتەوە.
ئیمەیڵی توێژەر: glena.jawad@gmail.com ، Rostam.salam@koyauniversity.org
مافی چاپ و بڵاوکردنەوە © ٢٠٢٣ گلێنە جواد حمد، ڕۆستەم سلام عزیز ، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لە ژێر ڕەزامەندی - CC BY-NC-ND 4.٠

شاری کۆیە، یەکێکە لەو شارانەی کە دیاردەی زیادەڕۆیی نیشتەجێبوون تێدا بە شێوەیەکی بەرز بەرچاو دەکەوێت. ئەمەش بۆتە هەڕەشەو گرفت لەسەر ژینگەی شارەکەو تێکدانی ڕوخسارو مۆرفۆلۆجیای گەرەکەکان لە هەمان کاتدا، بە هۆی بەرزی چڕی دانیشتوان لە ناوچە زیادەڕۆکان گرفتی بۆ سەر خزمەت گوزارییەکان دروست کردووە. چارەسەر کردنی ئەم دیاردەیە پێویستی بە کۆمەڵێک ڕێککار هەیە. لە کاتێک دا ئەم ناوچانە نزیکەی ٥٠٪ ی کۆی گشتی ژمارەی شوێنی نیشتەجێبوون لە شاری کۆیە پێکدەهێنێت.

### ١.٢ کێشەی لێکۆڵینەوە

شاری کۆیە وەک زۆربەی شارەکانی هەرێمی کوردستان زیادەڕۆیی نیشتەجێبوون ڕێژەیەکی بەرز بوونی هەیە، لە ڕوی ڕووبەرو ژمارەی خانو لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر جیاوازن. ئەو ناوچانە بە کۆمەڵێک خەسڵەت ناسراون لەوانە ڕێژەی

Original Article | DOI: https://doi.org/10.14500/kujhss.v6n2y2023.pp15-27

بێکاری تێدا بەرزە و ئاستی خوێندەواری لە نێو دانیشتوانیاندا نزمە و ڕووبەری سەوزایی لە شوێنی نیشتەجێ بوونیان کەمە.

**١.٣ گریمانەی لێکۆڵینەوە**

١.دیاردەی زیادەڕۆی نیشتەجێبوون لە شاری کۆیەدا، بەڕێژەیەکی بەرز بوونی هەیە، لە ڕوی ڕوبەرو ژمارەی خانو لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی دیکە جیاوازە.

٢. ناوچەی زێدەڕۆیی نیشتەجێبوون بە کۆمەڵێک خەسڵەت ناسراوە لەوانە بەرزی ڕێژەی بێکاری، نزمی ئاستی خوێندەواری، کەمی ڕوبەری سەوزایی لە شوێنی نیشتەجێ بوونیان.

## ١.٤ گرینگی لێکۆڵینەوەکە

گرینگی لێکۆڵینەوەکە، بریتییە لە: دەرخستنی قەبارەی گەورەیی دیاردەی زیادەڕۆیی نیشتەجێبوون، لە شاری کۆیە و لێکۆڵینەوە لەو خەسڵەت وئەو گرفتانەی کە دانیشتوانەکانیان، پێوەی دەناڵێنن بەمەبەستی دۆزینەوەی چارەسەری گونجاو بۆ ئەم گرفتە.

**١.٥ ئامانجی لێکۆڵینەوە**

ئامانج لەم لێکۆڵینەوەیە، بریتیە لە دابەشبوونی شوێنی بۆ ناوچەکانی زیادەڕۆیی نیشتەجێبوون لەسەر ئاستی گەڕەکەکان وگرینگی دان بە دۆخی ناوچە زیادەڕۆییەکان لە ڕوی کۆمەڵایەتی و ئابوری و ژینگەیی هەروەها جەخت خستنە سەر لێکەوتەکانی ئەم دیاردەیە.

**١.٦ ڕێبازی لێکۆڵینەوە**

ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە، بریتیە لە ڕێبازی وەسفی بۆ باس کردن و وەسف کردنی دیاردەی زیادەڕۆیی نیشتەجێبوون لە شاری کۆیە و ڕێبازی شیکاری بۆ شکردنەوەی داتاکان. سەبارەت بە کۆکردنەوەی داتاکان پشت بەستراوە بەکاری سەردانی کێومالی لەڕێگای فۆرمی ڕاپرسی بەڕێژەی ٥٪ کۆی گشتی خانوە زیادەڕۆکان بە وەرگرتنی ٤٤٣ فۆرم لە کۆی ٨٨٥٦ خانوی زیادەڕۆ، دواتر بۆ ڕاست و دروستی قەبارەی سامپلەکان پشت بەست بە هاوکۆڵکەی کۆکران Cochran Formula: (Uakarn، ٢٠٢١، ٧٩)

$$n=\frac{(1-p)}{\frac{e^2 z^2 + (1-p)}{NN}}$$

قەبارەی سامپل =$n$ ژمارەی خانوو =$N$ ڕێژەی هەڵە = $e$

قەبارەی هاوڕێژەیی=$P$

بەهاو ڕێژەی واتایی ٩٥%=$Z$

بەجێبەجێکردنی هاوکۆلکەی کۆکران ژمارەی پێویستی سامپڵ بریتییە لە ٣٦٩ سامپڵ لەکاتێکدا توێژەر زیاتر لەم ژمارەی وەرگرتووە .

## ٢. ناساندنی دیاردەی زیادەڕۆیی نیشتەجێ بوون

واتای خانوی زیادەڕۆیی لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی تر جیاوازە، بەهۆی جیاوازی بارودۆخی کۆمەڵگاکان لەڕوی سیستەمی ئابوری و کۆمەڵایەتییەوە. ئەو ناوچانە کۆمەڵێک چەمک و زاراوەیان هەیە لەوانە (خانوی هەڕەمەکی، خانوی نایاسایی) (سعید، ٢٠١٩، ١٠٤). هەندێکی تر پێدەڵێن: شوێنی کارتۆنی یان تەنەکە (البلداوي، ٢٠٠٨، ٢٥) نەتەوەیەکگرتوەکان بەمشێوەیە پێناسەی بۆ زیادەڕۆیی نیشتەجێبوون کردووە: "ئەو ناوچانەن کە خاوەن تایبەتمەندی ئابوری و کۆمەڵایەتین، هەژارن لە ڕوی خزمەت گوزارییە سەرەتاییەکان ئەم خانوانە لە یەک ژور یان زیاتر پێکهاتووە و چڕی خێزان لەم خانوانە بەرزە". پەیمانگای عەرەبی بەمشێوەیە پێناسەی بۆ کردووە: بریتین لەوناوچانەن کە شوێنی نیشتەجێبوونیان لەسەر زەوی حکومەت یان زەوی کشتوکاڵی بەبێ بوونی مۆڵەتی حکومەت بونیاد دەندرێن. ( حميد و مجدي، ٢٠١١، ٣) ئەو ناوچانە لە دەرەوەی خزمەت گوزارییەکانی دەوڵەتن، لەڕوی خزمەت گوزارییەوە هەژارن، دەوڵەت دان بەم ناوچانە دانانێت. (الموسوی، ٢٠١٨، ٢٤٠) زیادەڕۆیی نیشتەجێبوون دابینکردنی شوێنی نیشتەجێبوونە بەشێوەیەکی خێرا، ئەم دیاردەیە دوای زیاد بوونی قەیرانی شوێنی نیشتەجێبوون و بەرزی نرخیان لە شارەکان هاتە ئاراوە. ئەم ناوچانە لە ڕوی یاساییەوە ڕێگەپێدراو نین، کە خانوی لە سەر دروست بکرێت، زەوی کشتوکاڵین یان موڵکی دەوڵەتن، زەوی بێپلان و نارێکن. (الصرفني،٢٠١١، ٣) ئەم دیاردەیە بە ژێر پەنجە ناودەبردرێت گەر زوو چارەسەری بۆ نەکرێت پەرەدەستێنێت. (علی وعلی،٢٠١١، ٢٩٩) لە ڕوی یاساییەوە زیادەڕۆیی نیشتەجێبوون بەمشێوەیە دەناسێندرێت: ئەو ناوچانەن لە ڕوی یاساییەوە ڕێگە پێدراو نین خانویان لەسەر دروستبکرێت، ئەو زەوییانە زەوی کشتوکاڵین یان زەوی دەوڵەتن بێپلان و پێچەوانەی یاسان، خاوەن کۆمەڵێک تایبەتمەندی ئابوری و کۆمەڵایەتین. (.القرعاوی، ٢٠١٤، ٩). زیادەڕۆیی نیشتەجێبوون "کۆمەڵێک خانوە دروست دەکرێن بە کەرستەی سەرەتایی توانای بەرگری کردنیان کەمە، پێکهاتەکانیان قوڕە یان گەچە یان کەرستەی بێ توانان. ئەم خانوانە لەسەر زەوی حکومەت یان زەوی کشتوکاڵی دروست دەکرێن" گەڕەکی پەراوێز خراون لە دەوروبەری شارەکاندا دروست دەکرێن، ئەو ناوچانە بە هەژاری و نەبونی یاسا دەناسرێنەوە. ئەو ناوچانە بە شێوەیەکی گشتی لە لایەن ئاوارەکانی لادێکانەوە بەکاردەهێندرێن (زنكنة، ٢٠١٣، ١٤_٢٢) هۆکارەکانی دروستبوونی ناوچەی زیادەڕۆیی نیشتەجێبوون، بریتین لە گەشەی دانیشتوان و کۆچکردنی دانیشتوان لە گوندەکانەوە بۆ شارەکان و ئاسانی بونیادنانی خانو لە ناوچە زیادەڕۆییەکانی نیشتەجێبوون. (الربداوی،٢٠١٢، ٤٥٧ _٤٤٦) نرخی زەوی لە ناوچە فەرمییەکان بەرزە. (مطلك، ٢٠١٦، ٨٨) خراپی بارودۆخی سیاسی و ئاسایش هۆکارن بۆ ئەوەی ئەم دیاردەیە بۆ دروستبێت. (الزامل، ١٤٢٦، ٤). ناوچەکانی زیادەڕۆی نیشتەجێبوون ئەو ناوچانە بە کۆمەڵێک خەسڵەت، دەناسرێنەوە، لەوانە تۆڕەکانی ڕێگاو بانی گواستنەوەیان بێپلانن (المصری، ٢٠١٢، ٢٥). لەڕوی بینا کردنەوە ئەو ناوچانە نارێکن و هەماهەنگی لە نێوان ڕەنگ و شێوەی بیناکاندا نییە، خزمەت گوزارییەکان کەمە و ژینگەکانیان پیسن. ڕێژەی سەوزاییان کەمە، بە شێوەیەکی گشتی ئاوەڕۆکانیان کراوەیە و چڕی دانیشتوان لەم ناوچانە بەرزە، لەگەڵ نەبوونی یان کەمی بنکەی تەندروستی ئەمانە دەبێتە هۆی چەندین نەخۆشی لەم ناوچانەدا بڵاوبێتەوە (القرعاوی، ٢٠١٤، ١١_١٢)

پشت بەست بەو پێناسانەی سەرەوە توێژەر ناوچەی زیادەڕۆیی نیشتەجێبوون بەمجۆرە دەناسێنێت. ناوچەی زیادەڕۆیی نیشتەجێبوون هەموو ئەو ناوچانە دەگرێتەوە، کە هەژارن لە ڕوی خزمەت گووزارییەکانەوە. لە ڕوی یاساییەوە ڕێگەپێدراو نین و شوێنی نیشتەجێ بوونیان لە ڕوی تەندروستییەوە شیاو نییە، دانیشتوانیان لە ئاستێکی نزمی ئابوری و کۆمەڵایەتیدان. ئەو ناوچانە بەدەست

کۆمەڵێک گرفتەوە دەناڵێنن کەبریتین لە کێشەی یاسایی، پلان دانان، و کێشەی ئابوری، کێشەی کەمی خزمەت گوزارییەکان.

## ٢.١ بنەما سروشتی و مرۆییەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە

### ٢.١.١ بنەما سروشتییەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە

شاری کۆیە، یەکێکە لە شارە دێرینەکانی کوردستان، دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی عێراق. لەنێوان هەر سێ پارێزگای هەولێر و کەرکوک وسلێمانیە، لە ڕوی کارگێڕییەوە سەر بە پارێزگای هەولێرە، کەوتۆتە باشوری ڕۆژهەڵاتی پارێزگای هەولێر نەخشەی (١) ناوچەی لێکۆڵینەوە لە شەش یەکەی کارگێڕی پێکهاتووە: (ناحیەی سەنتەر، ناحیەی تەق تەق، ناحیەی شۆڕش، ناحیەی ئاشتی، ناحیەی سێگردکان، ناحیەی سکتان) نەخشەی (٢) ناوچەی لێکۆڵینەوە دەکەوێتە نێوان هەردوو بازنەی پانی (-١٥.٣ .٣٦ °)و(-٥.٥٤ .٣٦° ) باکورەوە نێوان هێڵی درێژی(-٤٥.٣٥.٤٤°) و ( -٤٥.٣٩. ٤٤°) شاری کۆیە دەکەوێتە دامێنی هەردوو زنجیرە چیای (باواجی) لەبەشی باکورو باکوری خۆرئاوایدا کە بەرزییەکەی دەگاتە (١٢٥٤) م لە ئاستی ڕوی دەریا و زنجیرە چیای (هەیبەتسوڵتان) لە بەشی ڕۆژهەڵاتیدا،کە بەرزییەکەی لە بەرزترین لوتکە بەناوی(قوباد بەگی) دەگاتە (١٢٣٩) م لە ئاستی ڕوی دەریاوە، زەوییەکانی شارەکە دەکەوێتە باکورو باکوری خۆرهەڵات، کە هێڵی کەنتۆری(٩٧٢) م پێدا تێپەر دەبێت، تاکو بەرەو بەشەکانی باشورو باشوری خۆرئاوای شارەکە بڕۆین پێ بەپێ ئەم زەویە نزم دەبێتەوە دەگاتە هێڵی کەنتۆری(٤٣٢) م هەروەها هێڵی کەنتۆری(٥٢٢) م بەناو سەنتەری شارەکەدا تێپەر دەبێت، نەخشەی (3). پلەی گەرمی کۆیە جیاوازییەکی ئەوتۆ لەنێوان بەشەکانیدا بەدی ناکرێت، بەجۆرێك هێڵی گرمی یەکسان(١٩) بە بەشەکانی باشور و هێڵی(١٦) بە بەشەکانی باکوریدا تێدەپەڕێت (حسن، ٢٠١٦، ١٥٧_١٥١) تێکرای نزمترین پلەکانی گەرمی لە ساڵی(٢٠٠٣-٢٠٢٠) لە مانگی کانونی یەکەمدا، ٨.١٠ کانونی دووەم ٧.٨ شوبات ٤.١٠ بەرزترین پلەی گەرما لە ساڵی(٢٠٠٣-٢٠٢٠) مانگەکانی تەموز ٣٥.٧٦ئاب ٣٥.٦٤ئەیلولە ٣١.١تێکرای باران لە شاری کۆیە لە ساڵی(٢٠٠٣_٢٠٢٠) دەگاتە ٥٩٩ ملم(وەزارەتی کشتوکاڵ، ٢٠٢١)

### ١.٢.٢ بنەما مرۆییەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە

تایبەتمەندییەکانی دانیشتوان، ژمارەی دانیشتوانی ناوچەی لێکۆڵینەوە ساڵ لەدوای ساڵ ڕوی لە زیاد بوون کردووە، بە جۆرێک لە ساڵی( ١٩٤٧) ژمارەی دانیشتوان(٧٧٠٣) کەس بووە. لە ساڵی (٢٠٢٠) دا ژمارەکە بەرزبۆتەوە بۆ(٩٥١٨٦) کەس هۆکارەکەی بۆ بەرزی ژمارەی لە دایکبوون و بەرزی ڕێژەی کۆچ کردنی دانیشتوان لە گوندەکان بۆ شارەکان دەگەڕێتەوە. خشتەی (١)

خشتەی ١

دانیشتوان شاری کۆیە لە ساڵی١٩٤٧ _٢٠٢٠


| ساڵ | ١٩٤٧ | ١٩٥٧ | ١٩٧٠ | ١٩٨٧ | ٢٠٠٩ | ٢٠١٥ | ٢٠٢٠ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ژمارەی دانیشتوان | ٧٧٠٣ | ٨٤٨٢ | ١٠٧٧٢ | ٣٩٤٨٤ | ٥٣٤٥٠ | ٧٤١٠٩ | ٩٥١٨٦ |

سەرچاوە: حکومەتی هەرێمی کوردستان،وەزارەتی پلان دانان، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری کۆیە،ڕێککەوتی(٢٠٢١/١٢/١٣)، ڕۆژی دووشەمە

ژمارەی گەڕەکەکانی شاری کۆیە، بە پێی قۆناغەکان ڕوی لە زیاد بوون کردووە، بە جۆرێک ژمارەی گەڕەکەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە لە ساڵی (١٩٤٧) دا چوار گەڕەک بووە، کە هەر یەک لە گەرەکەکانی(بەفری قەندی، قەڵات، بایزاغا، هەواو ) بووە ڕووبەری گشتی شارەکە ٧٦.٤هێکتار بووە. لە ساڵی (١٩٧٧)دا ژمارەی گەڕەکەکانی شاری کۆیە هەشت گەرەک بووە، کە هەریەکە لە گەرەکەکانی (سەرباغ، جمعیە، ئازادی، ئیسکان، قەڵات، بایزاغا، هەواو،بەفری قەندی) بوو. ڕوبەری ناوچەی لێکۆڵینەوە گەیشتە ٢٨٠٧ هێکتار لە ساڵی (٢٠٠٢) دا ژمارەی گەرەکەکانی کۆیە١٣ گەرەک بووە، کە بریتین لە گەرەکەکانی (بایزاغا، بەفری قەندی، قەڵات، هەواو، سەرباغ، جەمعیە، ئیسکان، ئازادی، عەلیاو، جەوهەراوە، قەسرێ، حەمامۆک، شەوگێراوە) ڕوبەرەکانیان ٤٩٥.١ هێکتار بووە (حسن، ٢٠١٦، ٢١_٢٨). ژمارەی گەڕەکەکانی شاری کۆیە لە ساڵی (٢٠٢١) دا بۆ ٢٩ گەڕەک زیادیکردووە، کە هەریەک لەگەڕەکەکەکانی (گەشتیاری، کەمپی زانکۆ، زانکۆ، قەندیل، ئازادی، هەواو، سەربەستی، سەرباغ، زانست، هاموون، خەرمان سوتاو، بەفری قەندی، حاجی قادر، کۆماری، کانی قەرە، زەویە سپییە، چوارچرا، کەکۆن، ڕاپەرین، هەرمۆتە، شۆڕیجە، دڵدار، باواجی، سەرباغ، حەمامۆک، کێلەخوارە، قەڵات، بایزاغا، پیشەسازی ) ڕوبەری ٢٠٣٠ هێکتار (وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار، ٢٠٢١) نەخشەی (1)

نەخشەی 1

شوێنی شاری کۆیە لە پارێزگای هەولێر




سەرچاو: بەکارهێنانی بەرنامەی Arc GIS10.8 پشت بەست بە: فەرامۆش کاکە لاو سلیم، هەڵبەزو دابەزی هەوا کاریگەری لەسەر پشێوی فیسیۆلۆجی مرۆڤ لە پارێزگای هەولێر، نامەی ماستەی، زانکۆی کۆیە فاکەڵتیی پەروەردە(٢٠٢٠)،ل٨٧

Original Article | DOI: https://doi.org/10.14500/kujhss.v6n2y2023.pp15-27

## ٣. دابەشبوونی جوگرافی ناوچەی زێدەرۆیی نیشتەجێ بوون

لە شاری کۆیەدا لە کۆی ٢٩ گەڕەک ٢٠ گەڕەک بە ڕێژەی جیا جیا دیاردەی زیادەڕۆیی نیشتەجێبوونی تێدا بڵاوبۆتەوە، لەسەر بنەمای ژمارەی خانو، ڕووبەریان ژمارەی دانیشتوانیان پۆلێنکاریان بۆ دەکەین.

### ٣.١ پۆلێنکاری ناوچەی زیادەڕۆیی لەسەر بنەمای ژمارەی خانو

ناوچەی زیادەڕۆیی نیشتەجێبوون لەسەر بنەمای ژمارەی خانوو، بەسەر سێ کۆمەڵە دا پۆلێنیان بۆ دەکەین.

کۆمەڵەی یەکەم: ئەوگەڕەکانەی کە شوێنی نیشتەجێبوونیان لە ١٠٠٠ خانو زیاترە، پێکدێت: لە دوو گەڕەک کە هەر یەک لە گەڕەکەکانی (کەکۆن، هاموون) گەڕەکی کەکۆن دەکەوێتە ڕۆژئاوای کۆیە سەر ڕێگای کۆیە، هەولێر سەرجەم خانووەکانیان بە شێوەی زیادەڕۆییە ژمارەی شوێنی نیشتەجێبوونیان دەگاتە ١٢١٠ خانوو ٦٦.١٣٪ کۆی گشتی شوێنی نیشتەجێبوونی زیادەڕۆیی لە ناوچەی لێکۆڵینەوە پێکدەهێنێت. گەڕەکی هامون ژمارەی شوێنی نیشتەجێبوونی ١٠٤٥ خانووە ٧٩.١١٪ کۆی گشی ژمارەی خانوی زیادەڕۆیی لە ناوچەی لێکۆڵینەوە پێکدەهێنن. خشتەی (٢)

کۆمەڵەی دووەم: ئەو گەڕەکانەی کە ژمارەی خانووەکانیان لە نێوان ٥٠٠ _٩٩٩ خانووە کە ژمارەیان ٥ گەڕەکە، کە هەریەک لە گەڕەکەکانی (ئازادی، سەربەستی، ڕاپەرین، بەفری قەندی، حەمامۆک). دەگرێتەوە بەرزترین ژمارەی خانوو لە م کۆمەڵەیەدا، لە گەڕەکی ئازادییە دەکەوێتە باکوری ڕۆژهەڵاتی کۆیە سەرجەم خانووەکانیان بە شێوەی زیادەڕۆییە ژمارەیان ٨٩٥ خانوو ١٠.١٪ کۆی گشتی خانوی زیادەڕۆیی لە شاری کۆیە پێکدەهێنن، کەمترین ژمارەی خانو لەگەڕەکی حەمامۆکە ژمارەیان دەگاتە ٥٦٦ خانو٦.٣٩٪ کۆی گشتی خانوی زیادەڕۆیی لە شاری کۆیە پێکدەهێنێت خشتەی(٢)

کۆمەڵەی سێیەم: ئەو گەڕەکانەی ژمارەی خانووەکانیان لە (٥٠٠) خانو کەمترە ژمارەیان ١٣گەڕەکە، کە هەریەک لە گەڕەکەکانی (قەڵات، بایزاغا، دڵدار، حاجی قادر، باواجی، قەندیل، گەشتیاری، هەرمۆتە، کانی قەرە، سەرباغ، خەرمان سوتاو، زەویە سپیە، کێلە خوارە) دەگرێتەوە. بەرزترین ژمارەی شوێنی نیشتەجێبوونی زیادەڕۆیی لە گەڕەکی قەڵاتە، ژمارەی خانووە زیادەڕۆییەکانی دەگاتە ٤٩٤ خانو ٥.٧٥٪ کۆی گشتی خانوی زیادەڕۆیی لە ناوچەی لێکۆڵینەوە پێکدەهێنێت، نزمترین ژمارەی خانوی زیادەڕۆیی لە گەڕەکی کێلە خوارەیە ژمارەی خانوی زیادەڕۆیی دەگاتە٥٦ خانو ٠،٦٣٪ کۆی گشتی خانوی زیادەڕۆیی لە ناوچەی لێکۆڵینەوەدا پێکدەهێنێت. خشتەی (٢)

نەخشەی ٢


شاری کۆیە بەپێی یەکە کارگێڕیەکان



سەرچاوە: مەنداو حمد عەبدوڵلا جەیدی ، پێکهاتەی ناوخۆی شاری کۆیە، نامەی ماستەر، زانکۆی کۆیە کۆلێژی زانستە کۆمەڵایەتیەکان ٢٠٠٩ لا١١

نەخشەی (٣)


تۆبۆگرافیای شاری کۆیە



سەرچاوە: بەرنامەی بەرنامەی Arc gis 10.8 پشت بەست حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، سەرۆکایەتی شارەوانی کۆیە،پشت بەست بە وێنەی ئاسمانی شاری کۆیە، ساڵی ٢٠٢١

نەخشەی4

گەرەکەکانی شاری کۆیە لە ٢٠٢١



سەرچاوە: بەکارهێنانی Arc GIS١٠.٨ پشت بەست حکومەتی هەرێمی کوردستان،وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار،سەرۆکایەتی شارەوانی کۆیە،پشت بەست بە وێنەی ئاسمانی شاری کۆیە، ساڵی ٢٠٢

Original Article | DOI: https://doi.org/10.14500/kujhss.v6n2y2023.pp15-27

خشتەی ٢

ژمارەی خانووی زێدەڕۆیی لە شاری کۆیە لە ٢٠٢١

| ناوی گەرەک | ژمارەی خانووی زیادەڕۆیی | ڕێژەکەی |
|---|---|---|
| کەکۆن | ١٢١٠ | ١٣.٦٦ |
| هاموون | ١٠٤٥ | ١١.٧٩ |
| ئازادی | ٨٩٥ | ١٠.١ |
| سەربەستی | ٦٩٩ | ٧.٨٩ |
| ڕاپەرین | ٦٨٥ | ٧.٧٣ |
| بەفری قەندی | ٦٥٦ | ٧.٤ |
| حەمامۆک | ٥٦٦ | ٦.٣٩ |
| قەڵات | ٤٩٤ | ٥.٥٧ |
| بایزاغا | ٤٨٨ | ٥.٥١ |
| دڵدار | ٤٧٧ | ٥.٣٨ |
| حاجی قادر | ٣١٣ | ٣.٥ |
| باواجی | ٢٠٩ | ٢.٣٥ |
| قەندیل | ٢٠٧ | ٢.٣٣ |
| گەشتیاری | ٢٠٠ | ٢.٢٥ |
| هەرمۆتە | ١٥٤ | ١.٧٣ |
| کانی قەرە | ١٤٩ | ١.٦٨ |
| سەرباغ | ١٤٩ | ١.٦٨ |
| خەرمان سوتاو | ١٠٥ | ١.١٨ |
| زەویە سپیە | ٩٩ | ١.١١ |
| کێلە خوارە | ٥٦ | ٠.٦٣ |

سەرچاوە: کاری مەیدانی ٢٠٢١/١١/٣

## ٣. ٢. پۆلێنکاری ناوچەی زیادەڕۆیی نیشتەجێبوون لەسەر بنەمای ڕووبەر

لەسەر بنەمای ڕووبەر ناوچەی زیادەڕۆیی نیشتەجێ بوون بۆ سێ کۆمەڵە پۆلێن دەکەین.

کۆمەڵەی یەکەم: ئەو گەرەکانەی کە ڕووبەرەکەیان لە (٣٣) هێکتار زیاترە ژمارەیان ٦ گەڕەکە کە هەریەک لە گەرەکەکانی( کەکۆن، ئازادی، هەرمۆتە، سەربەستی، دڵدار، حەمامۆک) کە بەرزترین ڕووبەری زیادەڕۆیی نیشتەجێبوون لە گەرەکی کەکۆنە، ڕووبەری ئەو گەرەکە دەگاتە ٥٨.٨ هێکتار، کەمترین ڕووبەری زیادەڕۆیی لەم کۆمەڵەیە گەڕەکی حەمامۆکە ڕووبەرەکەی دەگاتە ٣٣.٤هێکتار. خشتەی (٣) و نەخشەی (٥).

کۆمەڵەی دووەم: ئەم کۆمەڵە یە ڕووبەری زیادەڕۆییان لەنێوان ٢٠ ــ ٣٠هێکتارە، ژمارەی گەڕەکەکان دەگاتە ٦ گەرەک، کە بریتین لە گەرەکەکانی: ( بەفری قەندی، هاموون، قەندیل، ڕاپەرین ، کانی قەرە، بایزاغا) بەرزترین ڕووبەری زیادەڕۆیی لەم کۆمەڵەیەدا، دەکەوێتە گەرەکی بەفری قەندی کە ڕووبەرەکەی ٢٩هێکتارە، کەمترین ڕووبەری زیادەڕۆیی لەم کۆمەڵەیە دەکەوێتە گەرەکی بایزاغا ڕووبەری زیادەڕۆییان دەگاتە هێکتار٩.٢٠ خشتەی (٣) و نەخشەی (٥).

کۆمەڵەی دووەم: ئەم کۆمەڵە یە ڕووبەری زیادەڕۆییان لەنێوان ٢٠ ــ ٣٠هێکتارە، ژمارەی گەڕەکەکان دەگاتە ٦ گەرەک، کە بریتین لە گەرەکەکانی: ( بەفری قەندی، هاموون، قەندیل، ڕاپەرین ، کانی قەرە، بایزاغا) بەرزترین ڕووبەری زیادەڕۆیی لەم کۆمەڵەیەدا، دەکەوێتە گەرەکی بەفری قەندی کە ڕووبەرەکەی ٢٩هێکتارە، کەمترین ڕووبەری زیادەڕۆیی لەم کۆمەڵەیە دەکەوێتە گەرەکی بایزاغا ڕووبەری زیادەڕۆییان دەگاتە هێکتار٩.٢٠ خشتەی (٣) و نەخشەی (٥).

کۆمەڵەی سێیەم: ئەم گەڕەکانە دەگرێتەوە، کە ڕووبەری زیادەڕۆییان لە (٢٠ــ ٢٩ ) هێکتارە، کە ژمارەیان ٨ گەرەکە بریتین لە گەرەکەکانی (قەڵات، حاجی قادر، باواجی، گەشتیاری، زەویەسپیە، کێلە خوارە، سەرباغ، خەرمان سوتای) گەرەکی قەڵات لەم کۆمەڵەیە بەرزترین ڕووبەری زیادەڕۆیی هەیە، کە دەگاتە، ١٩.٧هێکتار، گەرەکی خەرمان سوتاو کەمترین ڕووبەری زیادەڕۆیان هەیە دەگاتە ٦.٤هێکتار خشتەی (٣) و نەخشەی (٥).

خشەی٣


ڕوبەری گەرەکە زیادەڕۆیەکان لە شاری کۆیە لە ٢٠٢١

| ناوی گەرەک | رووبەری<br>خانووی زیادەڕۆیی بە هێکتار | ڕێژەکەی% |
|---|---|---|
| کەکۆن | ٥٨.٨ | ١١.٣ |
| ئازادی | ٤٦.٧ | ٩.١٢ |
| هەرمۆتە | ٤٤.٩ | ٨.٧ |
| سەربەستی | ٤٠.٧ | ٧.٩ |
| دڵدار | ٣٩.٦ | ٧ |
| حەمامۆک | ٣٣.٤ | ٦.٥ |
| بەفری قەندی | ٢٩.٢ | ٥.٧ |
| هاموون | ٢٧.٨ | ٥.٤ |
| قەندیل | ٢٦.٣ | ٥.١ |
| ڕاپەرین | ٢٤.١ | ٤.٦ |
| کانی قەرە | ٣٢.٢ | ٤.٤ |
| بایزاغا | ٢٠.٩ | ٤ |
| قەڵات | ١٩.٧ | ٣.٨ |
| حاجی قادر | ١٨ | ٣.٥ |
| باواجی | ١٤.٨ | ٢.٨ |
| گەشتیاری | ٩.٨ | ١.٩ |
| زەویە سپیە | ٥.٨ | ١.١ |
| کێلەخوارە | ٥.٦ | ١ |
| سەرباغ | ٥.٥ | ١ |
| خەرمان سوتای | ٤.٦ | ٠.٨٩ |

سەرچاوە: بەکارهێنانی بەرنامەی Arc GIS10.8 پشت بەست حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، سەرۆکایەتی شارەوانی کۆیە، پشت بەست بە وێنەی ئاسمانی شاری کۆیە، ساڵی ٢٠٢١

نەخشەی ٥

ڕووبەری ناوچە زێدەرۆیەکانی شاری کۆیە




سەرچاوە: بەکارهێنانی بەرنامەی Arc GIS10.8 پشت بەست حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار،سەرۆکایەتی شارەوانی کۆیە،پشت بەست بە وێنەی ئاسمانی شاری کۆیە، ساڵی ٢٠٢١

## ٣.٣ پۆلینکاری ناوچەی زیادەڕۆیی نیشتەجێ بوون لەسەر بنەمای ژمارەی دانیشتوان:

لەسەر ئەم بنەمایە ناوچەی زیادەڕۆیی نیشتەجێبوون بۆ سێ کۆمەڵە پۆلێن دەکەین.

کۆمەڵەی یەکەم: ئەو ناوچانەی، کە ژمارەی دانیشتوانیان لە نێوان (٥٠٠٠-١٠٠٠٠) کەسە هەر یەک لە گەڕەکەکانی (کەکۆن، هاموون، ئازادی )دەگرێتەوە بەرزترین ژمارەی دانیشتوان لەم کۆمەڵەیەدا لە گەڕەکی کەکۆنە کە ژمارەی دانیشتوانی دەگاتە ٧٢٦٠ کەس کەمترین ژمارەی دانیشتوان لە گەڕەگی ئازادییە، کە ژمارەی دانیشتوانیان دەگاتە ٥٩١٠ خشتەی(٤)

کۆمەڵەی دووەم: ئەو ناوچانەی، کە ژمارەی دانیشتوانیان لە نێوان٢٠٠٠ ـــ ٤٩٩٩کەسە هەر یەک لە گەڕەکەکانی (ڕاپەڕین، بەفری قەندی، حەمامۆک، بایزاغا، سەربەستی، قەڵات، دڵدار) دەگرێتەوە. بەرزترین ژمارەی دانیشتوان لەم کۆمەڵەیەدا دەکەوێتە گەڕەکی ڕاپەڕین کە ژمارەی دانیشتوانی دەگاتە٤١١٠ کەس ٧.٦٪کۆی گشتی دانیشتوانی ناوچە زیادەڕۆییەکان لە شاری کۆیە پێکدەهێنێت. کەمترین ژمارەی دانیشتوان لە گەڕەکی دڵدارە کە ژمارەی دانیشتوانیان دەگاتە ٣١٠٠ کەس٧ .٥٪ کۆی گشتی دانیشتوانی ناوچە زیادەڕۆییەکان لە شاری کۆیە پێکدەهێنێت. خشتەی (٤)

کۆمەڵەی سێیەم: ئەو ناوچانەی کە ژمارەی دانیشتوانی خانووە، زیادەڕۆییەکان، لە ٢٠٠٠کەس کەمترە هەریەک لە گەڕەکەکانی (حاجی قادر، قەندیل، گەشتیاری، سەرباغ، باواجی، کانی قەرە، هەرمۆتە، خەرمان سوتاو، زەویە سپیە، کێلە خوارە) دەگرێتەوە بەرزترین ژمارەی دانیشتوان لە گەڕەکی حاجی قادرە، کە ژمارەی دانیشتوانی دەگاتە (١٧٢١) کەس ٣.٢٪ کۆی گشتی دانیشتوانی ناوچە زیادەڕۆییەکان لە شاری کۆیە پێکدەهێنێت. نزمترین ژمارەی دانیشتوان لە گەڕەکی کێلە خوارەیە کە دەگاتە ٣٣٦ کەس٠.٦٪ کۆی گشتی دانیشتوانی ناوچە زێدەرۆییەکان لە شاری کۆیە پێکدەهێنێت. خشتەی ژمارە(٤)

خشتەی ٤

ژمارەی دانیشتوانی شوێنی نیشتەجێ بوونی زیادەڕۆیی لە شاری کۆیە لە ٢٠٢١

| ناوی گەڕەک | ژمارەی دانیشتوان | ڕێژەکەی٪ |
|---|---|---|
| کەکۆن | ٧٢٦٠ | ١٣.٥ |
| هامون | ٦٠٦١ | ١١.٢ |
| ئازادی | ٥٩١٠ | ١١ |
| ڕاپەڕین | ٤١١٠ | ٧.٦ |
| بەفری قەندی | ٣٨٧٠ | ٧.٢ |
| حەمامۆک | ٣٨٤٨ | ٧.١ |
| بایزاغا | ٣٧٣٣ | ٦.٩ |
| سەربەستی | ٣٤٩٥ | ٦.٥ |
| قەڵات | ٣٢٦٠ | ٦ |
| دڵدار | ٣١٠٠ | ٥.٧ |
| حاجی قادر | ١٧٢١ | ٣.٢ |
| قەندیل | ١٣٤٥ | ٢.٥ |
| گەشتیاری | ١١٨٠ | ٢.١ |
| سەرباغ | ٩٦٨ | ١.٨ |
| باواجی | ٩١٩ | ١.٧ |
| کانی قەرە | ٨٩٤ | ١.٦ |
| هەرمۆتە | ٦٦٢ | ١.٢ |
| خەرمان سوتاو | ٥٢٥ | ٠.٩٧ |
| زەویە سپیە | ٥٠٠ | ٠.٩٣ |
| کێلە خوارە | ٣٣٦ | ٠.٦٢ |

سەرچاوە: فۆرمی ڕاپرسی پرسیاری (١٣)

بۆ دۆزینەوەی پەیوەندی نێوان ڕووبەر و ژمارەی خانو، ژمارەی دانیشتوان لە شوێنی نیشتەجێ بوونی زیادەڕۆیی لە شاری کۆیەدا پشتمان بەست بە بەرنامەی SPSS لە ڕێگەی هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسۆن، بۆمان دەرکەوت کە پەیوەندییەکی ڕاستەوانەی بەهێز هەیە لە نێوان ژمارەی دانیشتوان و ڕووبەر کە٧.٠+ واتە تا ڕووبەر زیاد بکات، ژمارەی دانیشتوان زیاد دەکات پەیوەندییەکی ڕاستەوانەی بەهێز هەیە لە نێوان ژمارەی خانو ڕووبەر کە ٧١.٠+ تا ڕووبەر زیاد بکات ژمارەی خانو زیاد

Original Article | DOI: https://doi.org/10.14500/kujhss.v6n2y2023.pp15-27

دەکات، پەیوەندیەکی ڕاستەوانەی بەهێز لە نێوان ژمارەی خانو ژمارەی دانیشتوان هەیە, کە پەیوەندیەکە ۹۸.۰ +

## ٤. دۆخی خانوی زیادەرۆ لە شاری کۆیە

ناوچەی زیادەرۆیی نیشتەجێبوون لە شاری کۆیەدا خاوەن کۆمەڵێک خەسڵەتی تایبەت بە خۆیانن کە بریتین لە مانەی خوارەوە:

### ١.٤ دۆخی پێکهاتەو ڕووبەری خانو

٤.١.١ کەرستەی بەکارهاتوو بۆ دروست کردنی خانو: یەکێکە لەو پێوەرانەی، کە خانوی زیادەرۆیی لە خانوی ئەندازەیی پێجیادەکرێتەوە. وەک ئاشکرایە بە کارهێنانی بلۆک بەرزترین ڕێژەی بەکارهێنانی لە دروست کردنی خانوی زیادەرۆیدا هەیە. کە دەگاتە ١.٧٨ ٪هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ هەرزانی نرخەکەی و ئاسانی بەکارهێنانی. بەردو گەچ لە دروست کردنی خانوی زیادەرۆییدا، بە پلەی دووەم دێت کە ڕێژەکەی دەگاتە ٧.١٦٪ لە کۆی گشتی کۆمەڵگای ئاماری وەرگیراو. بەکارهێنانی قورو دار ڕێژەکەی دەگاتە ١ .٥٪ لە کۆی گشتی کۆمەڵگای ئاماری وەرگیراو. خشتەی(٥)

خشتەی ٥

ماددەی بەکارهاتوو لە دروست کردنی شوێنی نیشتەجێبوون

| کەرستەی بەکارهاتوو لە دروستکردنی شوێنی نیشتەجێ بوون | ژمارەیان | ڕێژەکەی% |
|---|---|---|
| چیمەنتوو بلۆک | ١٨٢ | ٧٨.١ |
| گەچ و بەرد | ٧٤ | ١٦.٧ |
| قورو دار | ٢٣ | ٥.١ |
| کۆ | ٤٤٣ | ١٠٠ |

سەرچاوە: فۆرمی زانیاری پرسیاری (٣)

### ٤.١.٢ ڕووبەری خانو

دیاریکردنی ڕووبەری خانو، لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر جیاوازە و لە شارو گوندیش ئەم جیاوازییە بەدیدەکرێت، ئەمەش پەیوەستە بە چەندین هۆکارەوە لەوانە: بوونی زەوی هەرزان ئاستی ئابوری خێزان و قەبارەی خێزان. بە پێی لێکۆڵینەوە کێومالییەکان دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی کە ئەو خانووانەی ڕووبەری نیشتەجێ بوونیان کەمترە لە ١٠٠م ٢.٤١٪کۆی گشتی کۆمەڵگای ئاماری وەرگیراو پێکدەهێنێت. ئەو خانووانەی کە ڕوبەریان لە نێوان ١٩٩__ ١٠٠م٥٠.٥٪ کۆی گشتی کۆمەڵگای ئاماری وەرگیراو پێکدەهێنن. ئەو خانووانەی، کە ڕوبەریان٢٠٠- ٣٠٠م ٥.٦٪کۆی گشتی کۆمەڵگای ئاماری وەرگیراو پێکدەهێنێت. خشتەی(٦)

خشتەی ٦

ڕوبەری شوێنی نیشتەجێ بوون لە ناوچە زیادەرۆییەکانی شاری کۆیە

| رووبەری شوێنی نیشتەجێ بوون بە م٢ | ژمارەی شوێنی نیشتەجێ بوون | ڕێژەکەی% |
|---|---|---|
| کەمتر لە ١٠٠ | ١٨٢ | ٤١.٢ |
| ١٠٠_١٩٩ | ٢٢٤ | ٥٠.٥ |
| ٢٠٠_٣٠٠ | ٢٩ | ٦.٥ |
| زیاتر لە ٣٠٠ | ٨ | ١.٨ |
| کۆ | ٤٤٣ | ١٠٠ |

سەرچاوە: فۆرمی ڕاپرسی پرسیاری (١)

### ٤.١.٣ ژمارەی ژوور

هەریەک لە ڕوبەری خانو، بارودۆخی ئابوری دانیشتوان، ژمارەی دانیشتوان، کاریگەری لە دیاریکردنی ژمارەی ژور لە خانودا هەیە. لە شوێنی نیشتەجێبوونی زیادەرۆیی لە شاری کۆیەدا ڕێژەی ئەو خانووانەی کە لە یەک ژور پێکدێت دەگاتە ٢٪ ڕێژەی ئەو خانووانەی کە لە دوو ژور پێکدێت دەگاتە ٢١٪ ژمارەی ئەو خانووانەی زیاتر لە سێ ژورە دەگاتە ٧.٢٥٪کۆی گشتی کۆمەڵگای ئاماری وەگیراو. خشتەی(٧)

خشتەی ٧

ژمارەی ژور

| ژمارەی ژور | ژمارە | ڕێژەکەی٪ |
|---|---|---|
| یەک ژور | ٩ | ٢ |
| دوو ژور | ٩٤ | ٢١ |
| سێ ژور | ٢٢٦ | ٥١ |
| زیاتر لە سێ ژور | ١١٤ | ٢٥.٧ |
| کۆ | ٤٤٣ | ١٠٠ |

سەرچاوە: فۆرمی ڕاپرسی پرسیاری (٤)

### ٤.١.٤ جۆری خانو لە ناوچەی زێدەرۆیی نیشتەجێبوون لە شاری کۆیەدا

هەریەک لە کەرستەی خانو، شێوەی خانو، جۆری خانو، دیاریدەکات. لە ناوچە زیادەرۆییەکانی شاری کۆیە٧.١٣٪خانو لە جۆری باشە. خانو لە جۆری ماناوەندە بەرزترین ڕێژەی هەیە، کە دەگاتە ٧.٤٢٪ خانو هۆکارەکەی بۆ مام ناوەندی کەرستەی بەکارهاتوو شێوەی خانوەکان دەگەڕێتەوە. لە ناوچەی لێکۆڵینەوە ٦.٤٣٪خانو لە جۆری خراپە لە کۆی گشتی کۆمەڵگای ئاماری وەرگیراو. خشتەی(٨)

خشتەی ٨

جۆری خانو لەناوچە زێدەرۆیەکانی شاری کۆیە

| جۆری خانو | ژمارەی خانو | ڕێژەکەی٪ |
|---|---|---|
| باش | ٦١ | ١٣.٧ |
| مامناوەند | ١٨٩ | ٧.٤٢ |
| خراپ | ١٩٣ | ٦.٤٣ |
| کۆ | ٤٤٣ | ١٠٠ |

سەرچاوە: فۆرمی ڕاپرسی پرسیاری (١٤)

### ٤.١.٥ ڕوبەری سەوزایی

ناوچە زیادەرۆییەکانی نیشتەجێبوون ڕێژەیەکی کەم سەوزایی لە خانووەکانیاندا هەیە. هۆکارەکەی بۆ بچوکی ڕوبەری خانوەکان و نەبوونی هۆشیاری سەبارەت بە گرینگی سەوزایی لە نێو دانیشتوانیاندا خراپی بارودۆخی ئابوری دانیشتوان دەگەڕێتەوە. خانووە زیادەرۆییەکانی شاری کۆیە ١.٦٤٪کۆی گشتی کۆمەڵگای ئاماری وەرگیراو لە بوونی سەوزایی (باخچە) خانوەکاندا نییە. ٥.٣٥٪کۆی گشتی کۆمەڵگای ئاماری لە خانوەکان ڕوبەری سەوزایان هەیە. خشتەی (٩)

خشتەی ٩

بوونی ڕوبەری سەوزایي لە ناوچەی زیادەڕۆیی دا

| ڕوبەری سەوزایی | ژمارەیان | ڕێژەکەی٪ |
|---|---|---|
| ئەو خانوانەی ڕوبەری سەوزاییان هەیە | ١٥٩ | ٣٥.٨ |
| ئەو خانوانەی ڕوبەری سەوزاییان نییە | ٢٨٤ | ٦٤.١ |
| کۆ | ٤٤٣ | ١٠٠ |

سەرچاوە: فۆرمی زانیاری پرسیاری(٢)

## ٤.٢ دۆخی پێکهاتەی دانیشتوان

### ٤.٢.١ ژمارەی خێزان

ئەو خانووانەی لە ناوچەی زیادەڕۆیی نیشتەجێبوون یەک خێزان تێدا نیشتەجێیە ڕێژەکەی بەرزە دەگاتە٦.٩٤٪هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ نزمی نرخی زەوی لە ناوچە زیادەڕۆییەکان و ئاسانی بنیاتنانی خانو بەرە ئەمەش هۆکارێک بووە، بۆ کەمکردنەوەی قەیرانی خانو لە ناوچەی لێکۆڵینەوە ئەو خانوانەی لە ناوچەی زیادەڕۆیی نیشتەجێ بوون دوو خێزان تێدا نیشتەجێیە ڕێژەکەی نزم دەبێتەوەو دەگاتە ٤.٥٪ خشتەی(١٠)

خشتەی ١٠

ژمارەی خێزان

| ژمارەی خێزان | ژمارەی خانو | ڕێژەکەی٪ |
|---|---|---|
| یەک خێزان | ٤١٩ | ٩٤.٦ |
| دوو خێزان | ٢٤ | ٥.٤ |
| کۆ | ٤٤٣ | ١٠٠ |

سەرچاوە: فۆرمی زانیاری پرسیاری (٥)

### ٤.٢ .٢ باری کۆمەڵایەتی خێزان

باری کۆمەڵایەتی خێزان لە ناوچەی زیادەڕۆیی نیشتەجێ بوون لە شاری کۆیە٢.٨٧ ٪ خێزاندارن لە کۆی گشتی کۆمەڵگای ئاماری ٣.٩٪خێزان مردون لە کۆی گشتی کۆمەڵگای ئاماری٤٥.٠ ٪کۆی گشتی کۆمەڵگای ئاماری سەڵتن خشتەی(١١)

خشتەی ١١

باری کۆمەڵایەتی خێزان

| باری کۆمەڵایەتی خێزان | ژمارەی خێزان | ڕێژەکەی٪ |
|---|---|---|
| خێزان دار | ٣٨٨ | ٢.٨٧ |
| خێزان مردو | ٤١ | ٩.٣ |
| سەڵت | ٢ | ٠.٤٥ |
| جیابۆوە | ١٢ | ٢.٧ |
| کۆ | ٤٤٣ | ١٠٠ |

سەرچاوە: فۆرمی زانیاری پرسیاری (١٥)

### ٤.٢ .٣ ئاستی خوێندەواری دایک

بڕوانامەی دایک لە خێزان دا لە ناوچەی زیادەڕۆیی نیشتەجێبوون دا (٣.٤٨٪) لە کۆی گشتی کۆمەڵگای ئاماری نەخوێندەوارە هۆکاری بەرزی ڕێژەی نەخوێندەواری لە دایکدا، دەگەڕێتەوە بۆ نالەباری بارودۆخی سیاسی وخراپی باری ئابوری لە ساڵانی پێشودا، لە هەرێمی کوردستان بە گشتی هاوسەرگیری پێش وەختە و دابو نەریتی کۆمەڵایەتی. ٣.١٥٪تەنها خوێندن و خوێندنەوە دەزانن لە کۆی گشتی کۆمەڵگای ئاماری٨.١٠٪بروانامەی سەرەتاییان هەیە لە کۆی گشتی کۆمەڵگای ئاماری. ٩.٩٪بروانامەی ناوەندییان هەیە. ٨.٨٪بروانامەی پەیمانگایان هەیە لە کۆی گشتی کۆمەڵگای ئاماری.٦٪ بروانامەی کۆلێژیان هەیە. خشتەی (١٢)

خشتەی ١٢

بروانامەی دایک لە خێزان

| بروانامەی دایک لە خێزان | ژمارە | ڕێژەکەی٪ |
|---|---|---|
| نەخوێندەوار | ٢١٤ | ٤٨.٣ |
| خوێندنوخوێندنەوە | ٦٩ | ١٥.٣ |
| سەرەتایی | ٤٨ | ١٠.٨ |
| ناوەندی | ٤٤ | ٩.٩ |
| پەیمانگا | ٣٩ | ٨.٨ |
| کۆلیژ | ٢٧ | ٦ |
| کۆ | ٤٤٣ | ٩٩.١ |

سەرچاوە: فۆرمی زانیاری پرسیاری(١٥)

### ٤.٢.٤ پیشەی بەخێوکەر

پیشەی بەخێوکەری باوک لە خێزاندا، لە ناوچەی زیادەڕۆیی نیشتەجێبووندا ٦.٤٠٪ فەرمانبەرن هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ کەمی هەڵی کار لە کەرتی تایبەت و دامەزراندنی ژمارەیەکی زۆر دانیشتوان لە دامودەزگا میرییەکان. سەبارەت بە ڕێژەی خانەنشین ٨.١٠٪ کۆی گشتی کۆمەڵگای ئاماری وەرگیراو پێکدەهێنێت٢٦٪ کاسب کارن لە کۆی گشتی کۆمەڵگای ئاماری٦.١٠٪ بێکارن لە کۆی گشتی کۆمەڵگای ئاماری. خشتەی ژمارە (١٣)

خشتەی ١٣

پیشەی بەخێوکەری لە خێزان

| پیشەی بەخێکەری لە خێزان | ژمارەیان | ڕێژەکەی٪ |
|---|---|---|
| فەرمانبەر | ١٨٠ | ٤٠.٦ |
| خانەنشین | ٤٨ | ١٠.٨ |
| کاسب | ١١٨ | ٢٦.٦ |
| بێکار | ٤٧ | ١٠.٦ |
| کۆ | ٤٤٣ | ٨٨.٦ |

سەرچاوە: فۆرمی زانیاری پرسیاری(٧ )

## ٥ لێکەوتەکانی ناوچەی زیادەڕۆ لە شاری کۆیە

### ٥.١ لێکەوتەی یاسایی

یەکێک لە خەسڵەتەکانی زیادەڕۆیی نیشتەجێبوون، نەبوونی یاسایە بەتایبەتی لە لایەنی بەکارهێنان و ڕێکخستنی زەوی لە ناوچەی شارنشین دا. لاوازی یاسا لەم ناوچانە هۆکارێکن بۆ ڕاکیشانی دانیشتوان بەتایبەتی ئەوانەی کە خانویان نییەو توانای پێدانی کرێی خانویان نییە. ئەمەش دەبێتە هۆی دەرکەوتنی کۆمەڵێک کێشەی یاسایی (القرعاوی، ٢٠١٤، ٨٩) لە ئەنجامی نەبوونی یاسا خانوی زیادەڕۆیی سەرهەڵدەدەن گەشە دەکەن و بڵاودەبنەوە، دواتر ڕوبەرێکی فراوان لە شار داگیر دەکەن. جێبەجێکردنی یاسا لە ناوچەکاندا کارێکی سەختە، لە بەرئەوە حکومەت چاو پۆشی لەم کارە دەکات. هەرچەندە حکومەت لە ڕوی یاساییەوە مافی لابردنی خانوی زیادەرۆیی هەیە، بەڵام زیانەکی زۆر لە ڕوی ماددی و مەعنەوییە، دەکەوێتە سەر دانیشتوان و لابردنی دەبێتە هۆی دروست بوونی پشێوی ئاڵۆزی و پێکدادان لە نێوان دانیشتوانی ناوچەکەو لایەنی پەیوەندی دار (زنكنة،٢٠١٣، ١٠٨). هەرێمی کوردستان بە چەندین بارودۆخی هەموار وسەخت دا ڕۆیشتووە. لەم بارودۆخانەش جێبەجێکردنی یاسا کارێکی سەختە. ناوچەی لێکۆڵینەوەش وەک بەشێک لە هەرێمی کوردستان لە ئەنجامی نەبوونی یاسای پێویست بۆ ڕێکخستن و شوێنی نیشتەجێبوون، بۆتە هۆی فراوانی دیاردەکە بە ڕێژەیەکی بەرز لە ئێستا دا جێبەجێکردنی یاسا کارێکی سەختە. هەرچەندە لە دوای ساڵی (٢٠١٨)دروست کردنی خانوی زیادەڕۆیی وەستاوە، بەڵام ناوچەکان یاسایان لەسەر جێبەجێ نەکراوە. ناوچە زیادەڕۆیەکانی لە ڕوی یاساییەوە کێشەیان هەیە. دابەش دەبن بەسەر سێ جۆر: (سعيد،٢٠١٩،١٠٥)

١.ئەو ناوچانەی لە ئەنجامی بەدیل گرتنی شار کەوتونەتە ناو سنوری شاری کۆیە وەک (کێلە خوارە، هەرمۆتە، زەویە سپییە)

٢. ناوچەکشتوکاڵیەکان: خانووە زیادەڕۆییەکان لەسەر زەوی کشتوکاڵی دروست کراون، واتە فراوان بوونی شار لەسەر حسابی زەویە کشتوکاڵیەکان بۆنمونە: (گەرەکی کەکۆن، ڕاپەرین، حەمامۆک، سەربەستی)

٣. ناوچەی دەست بەسەر داگیراو: ئەو ناوچانە دەکەونە ناو سنوری شارەوانی، ئەو بۆشایانەی کە لەشارەکان هەن دەستی بەسەر دادەگیرێت و خانوی لە سەر دروست دەکرێت ئەو زەویانە ڕێگە پێدراو نین بۆ نیشتەجێبوون. شوێنی خزمەت گوزارین حکومەت لە بەر بارودۆخی ئابوری توانای ئەنجام دانی ئەم خزمەت گوزارییان نەبوە بۆ نمونە بەشێک لە گەرەکی هامون گەرەکی کەکۆن و گەرەکی قەندیل ...

### ٥.٢ لێکەوتەی پلان دانان

ناوچە زیادەرۆیەکان هەماهەنگیان لەگەڵ پلانی شاردا نییە. پلان زانستە، بەکارهێنانی تەکنەلۆجیایە هونەرە ڕێکخستنی شوێنەکانەو دیاریکردنی وەزیفەکانیانە و دابەش بوونی دانیشتوان لەسەر ئاستە جیاوازەکانە. بەڵام زیادەڕۆیی بە پێچەوانەی پلانە، دەبێتە هۆی پڕکردنەوەی پێداویستی تاکەکان بۆ خانوبەرە بەبێ پشت بەستن بە دیزاینی هونەری بە شێوەیەکی خۆرسک دروست بوونە (القرعاوی، ٢٠١٤، ٨٩). لە شاری کۆیەدا، ناوچە زیادەڕۆییەکان بە شێوەیەکی بێ پلان دروست بوون وگەشەیان کردووە، گەر بێت و حکومەت پلان بۆ ئەم ناوچانە دابرێژێتەوە ئەوە پێویستی بە دابین کردنی بودجەیەکی پێویست لە گەڵ بوونی کارمەندی پسپۆر لە بواری پلان دانان دیزاینکردنی ناوچەکان و شێوازی گەڕەکەکان لەگەڵ یەکتری دا جیاوازییان لە ڕوی بوونی خزمەت گوزاری و شێوازی خانوبەرەیان هەیە. بەشێوەیەکی گشتی ئەو ناوچانە بێ بەشن لە خزمەت گوزارییەکان.

### ٥.٣ لێکەوتەی خزمەت گوزاری

ناوچەی زیادەڕۆیی نیشتەجێبوون لە ناو شارەکان یان لە دەوروبەری شارەکاندا ڕوبەڕوی کەمی خزمەت گوزاریەکان هاتوون، ئەو خزمەت گوزارییانەی کە بەردەستیانە پێداویستییەکانیان پڕناکاتەوە. یەکێک لە کێشە سەرەکییەکانیان نەبوونی خزمەت گوزاری ئاوی خواردنەوەیە، یەکێکی تر لە کێشەکانیان پەیوەندی بە لایەنی تەندروستییەوە هەیە. ئەو کێشەیە بە تەنها تایبەت بە ناوچە زیادەڕۆیەکان نییە. بەڵکو زۆربەی شارەکانی جیهانی سێیەم بەدەست ئەم کێشەیەوە دەناڵێنن (زنكنة، ٢٠١٣، ١١١). ناوچەی زیادەڕۆیی لە شاری کۆیە بەدەست کەمی خزمەت گوزاری دەناڵێنێت کە گرینگترینیان ئەمانەی خوارەوەن .

#### ٥ .٣ .١ کەمی خزمەت گوزاری پەروەردەوفێرکردن

خزمەت گوزاری فێرکردن، بریتیە لەو خزمەت گوزارییانەی کە پێشکەش بە تاکەکان دەکرێت، لە لایەن حکومەت بێت یان ناحکومی بێت بۆ بەدەست هێنانی بەهرەو توانای تاکان ئاستی ڕۆشنبیرییان بەرزبکرێتەوە (القيسی، ٢٠١٨، ٦) ناوچە زیادەڕۆیەکانی شاری کۆیە هەژارن لە ڕوری خزمەت گوزاری فێرکردن خشتەی (١٤) لەم خشتەیەی خوارەوە بۆمان دەردەکەوێت، کە خزمەت گوزاری باخچەی ساوایان ١٠٤خێزان لێی سودمەندن ٢٣٪ گشتی کۆمەڵگای ئاماری وەرگیراو. وە ژمارەی ئەو خانووانەی کە سودمەندن لەخوێندنگا دەگاتە ٢٧١ خێزان٦١ ٪ کۆی گشتی کۆمەڵگا ئاماری. دانیشتوانی ئەم ناوچانانە ناچارن کە سود لە خزمەت گوزارییەکانی ناوچە بە پلانەکان وەربگرن، ئەمەش دەبێتە هۆی پاڵەپەستۆ خستنە سەر خزمەت گوزاریەکان لە شارەکاندا

خشتەی١٤

خزمەتگوزاری پەروەردە لە ناوچە زیادەرۆیەکان

| جۆری خزمەت گوزاری فێر کردن | ژمارەی خانووەکانی سودمەندن لە خزمەت گوزاری پەروەردە لە شاری کۆیە | ڕێژەکەی٪ |
|---|---|---|
| باخچەی ساوایان | ١٠٤ | ٢٣.٤ |
| خوێندنگا | ٢٧١ | ٦١ |

سەرچاوە: فۆرمی زانیاری پرسیاری(٦)

#### ٥.٣.٢ لێکەوتەی خزمەت گوزاری تەندروستی

یەکێکی تر لەو کێشانەی کە ڕوبەڕوی ناوچە زیادەڕۆییەکان دەبێتەوە کەمی خزمەت گوزاری تەندروستییە، ناوچە زیادەڕۆییەکانی شاری کۆیە لەم خزمەت گوزارییە بێبەرین، ئەم ناوچانە بەدەست نەبوونی یان دوری بنکە تەندروستیەکانەوە دەناڵێنن. ٦.٥٤.٪لەکۆی گشتی ئەو کۆمەڵگا ئاماری لە خزمەت گوزاری تەندروستی بێبەشن. (فۆرمی ڕاپرسی پرسیاری ٦)

### ٥.٤ لێکەوتەی ئابوری

ناوچەی زیادەڕۆیی نیشتەجێبوون لە شاری کۆیە کاریگەری نێگەتیفی کردۆتە سەر ئابوری ناوچەی لێکۆڵینەوە، بۆتە هۆی گۆڕینی بەشێک لە زەوییە کشتوکاڵیەکان بۆ ناوچەی نیشتەجێبوون، بۆتە هۆی بەرزی ڕێژەی بێکاری لە ناوچەی لێکۆڵینەوە.

### ٥.٤.١ لێکەوتەی زەوی کشتوکاڵی

بەکارهێنان و گۆڕینی ناوچەی کشتوکاڵی بۆ ناوچەی نیشتەجێبوون کاریگەری نێگەتیڤ لەسەر ئابوری جێدەهێڵێت، دەبێتە هۆی کەم بوونەوەی کێڵگە کشتوکاڵییەکان، کە سەرچاوەیەکی گرینگی بەروبومی خۆماڵیە فراون بوونی شوێنی نیشتەجێ بوون لەسەر زەوی کشتوکاڵی هۆکارێکە بەرهەمی کشتوکاڵی شار کەمبێتەوە (العلوانی، ٢٠٢١، ١٩١) کەم بوونی زەوی کشتوکاڵی لە شاردا، بەشداری لە دیاردەی بەبیابان بوونی شار دەکات (زنکنة، ٢٠١٣، ١١٦) لە ناوچەی لێکۆڵینەوە دا، خانوی زیادەڕۆیی ڕوبەرێکی بەرفراوانی ناوچەکەی داگیر کردووە، کە دەگاتە (٣٥٦) هێکتار(وەزارەتی شارەوانی و گەشت وگوزار،٢٠٢١) ئەمەش کاریگەری نێگەتیڤی لەسەر شاری کۆیە جێهێشتووە و هۆکارک بووە بۆکەم بوونی بەروبومی کشتوکاڵی لە ناوچەی لێکۆڵینەوەدا.

### ٥.٤.٢ لێکەوتەی بێکاری

یەکێکی تر لە کێشەکانی ناوچەی زیادەڕۆیی نیشتەجێبوون لە ناوچەی لێکۆڵینەوەدا، بەرزی ڕێژەی بێکاریە. ڕێژەی بێکاری لە بەخێوکەریی خێزاندا دەگاتە ٦.١٠٪ لە کۆی گشتی کۆمەڵگای ئامارێی. ڕێژەی بێکاری دایک لە خێزاندا دەگاتە ٩.٨١٪لە کۆی گشتی کۆمەڵگای ئاماری.( فۆرمی ڕاپرسی پرسیاری ژمارە ٧)

### ٥.٥ لێکەوتەی پیسبوونی ژینگە

پیسی بوونی ژینگە یەکێکە لە کێشەکانی ناوچە زیادەڕۆییەکانی نیشتەجێبوون ئەمەش هۆکارە بۆ دروست بوونی چەندین نەخۆشی شێواندنی سیمای شار. لێرەدا ئێمە باسی کێشەی پیسبوونی بینین، وە پیسبوون بە هۆی ژاوەژاو، پیس بوون بەهۆی پاشەڕۆ ڕەقەکانی گەرەکە زیادەڕۆییەکانی شاری کۆیە دەکەین.

### ١.٥.٥ پیسبوون بە هۆی ژاوەژاو

ناوچەی زیادەڕۆیی نیشتەجیبوون لەشاری کۆیەدا ڕوبەڕوی کێشەی پیس بوونی ژاوەژاو بوونەتەوە بە تێبینیکردن لە خشتەی (١٥) بۆمان دەردەکەوێت کە پیسبوون بە هۆی ژاوەژاو لە سێ سەرچاوەیە کە ئەوانیش پێکدێت لە ژاوەژاو بەهۆی یاری منداڵان و دەنگی مۆلیدەکان و دەنگی ئۆتۆمبێل زۆرترین بێزار بوون بە دەنگە دەنگ لە ناو دانیشتوانی ناوچەی زیادەڕۆیی نیشتەجێبوون (پیسبوون بە ژاوەژاو)، بەهۆی یاری منداڵانەوەیە، کە ڕێژەکەی دەگاتە ٤٤٪ کۆی گشتی کۆمەڵگای ئاماری پێکدەهێنێت، هۆکارەکەشی بۆیاری کردنی منداڵان لە کۆڵانەکان دەگەڕێتەوە، ئەمەش بە هۆی نەبوونی شوێنی تایبەت بۆ یاریکردنی منداڵان و نەبوونی یاریگا لەزۆرینەی گەرەکە زیادەڕۆییەکاندا، بێزاری بوون بە هۆی ژاوەژاوی مۆلیدەکان بە پلەی دووەم دێت، هۆکارەکەی بۆ نزیکی مۆلیدەکان لە گەرەکە زیادەڕۆییەکان دەگەڕێتەوە، بەپلەی سێیەم پیس بوون بە ژاوەژاو بەهۆی دەنگی ئۆتۆمبێلەوەیە، لەبەرئەوەی ئەو ناوچانە بە شێوەیەکی بێ پلان دروست بوونە بەکارهێنانی زەوی لەم ناوچانە تێکەڵ بەیەکتر بوونە بۆ نمونە: بەکارهێنانی زەوی بۆ بازرگانی لەگەڵ بەکارهێنانی زەوی بۆ نیشتەجێ بوون تێکەڵ بوون.

خشتەی ژمارە ١٥

هۆکارەکانی پیس بوونی ناوچەی زیدەرۆیی

| جۆری پیس بوون بە ژاوەژاو | ژمارەیان | ڕێژەکەی٪ |
|---|---|---|
| یاری منداڵان | ١٩٨ | ٤٤ |
| دەنگی مۆلیدە | ١٢٢ | ٢٧ |
| دەنگی ئۆتۆمبێل | ٩٨ | ٢٢ |

سەرچاوە: فۆرمی زانیاری پرسیاری(١٠)

### ٥.٥.٢ پیس بوون بە هۆی پاشەڕۆ ڕەقەکان:

پاشەڕۆ ڕەقەکان بریتین لەو پاشەڕۆیانەی لە باری گازی و شلی دانین، بەڵکو لە باری ڕەقین و لە ئەنجامی چالاکییەکانی مرۆڤ و ئاژەڵ دروست دەبن، فرێدەدرین پاشەڕۆ ڕەقەکان چەندین جۆر لە خۆ دەگرێت وەک: پاشماوەی خۆراک، ڕۆژنامەو گۆڤارەکان شوشەو بوتڵ پاشماوەی شەقامەکان، باڵندە و ئاژەڵی مردو، کەرستەی بیناسازی سیکراب، پاشماوەی کێڵگەو ئاژەڵەکان.(حمد، ٢٠٠٨، ٢٧٧) گەرەکە زیادەڕۆییەکانی شاری کۆیە ڕوبەڕوی پیسبوون بە پاشماوە ڕەقەکان هاتوونە، بەهۆی تەسکی ڕێگاکانی بەشێک لە گەڕەکان و نەگەیشتنی ئۆتۆمبێلی کۆکەرەوەی خاشاک بۆ ئەو ناوچانە، بۆ نمونە بەشێک لە گەرەکی قەڵات و بەفری قەندی و بایزاغا بەشێکی تری گەرەکە زیادەڕۆییەکان، بەهۆی دوریان ئۆتۆمبێلی کۆکەرەوەی خاشاک لە هەفتەیەک دا کەمتر لە یەکجار بەم ناوچانە دەگات، چونکە بەشێک لە ناوچە زیادەڕۆییەکان دەکەونە ناوچەکانی دەوروبەری شاری کۆیە(توێژینەوەی مەیدانی،٢٠٢١). کۆبونەوەی خاشاک سەرچاوەن بۆ چەنین نەخۆشی کۆبونەوەی بەکتریاو ڤایرۆس لە ناوچەی لێکۆڵینەوەدا.

### ٥.٦ لێکەوتەی بە گوند بوونی شار

زۆربەی دانیشتوانی ناوچە زیادەڕۆییەکان کۆچ کردووەکانن واتە زۆربەی دانیشتوانیان لە گوندەکانەوە بۆ شارەکان کۆچیان کردووە. بێگومان دانیشتوانی ئەم ناوچانە داب و نەریتی ئەو شوێنانە هەڵدەگرن کە لێوەی هاتوون، ئەم گەڕەکانەوە پێکهاتەی جیاواز لە خۆ دەگرێت چونکە دانیشتوانیان لە ناوچەی جیاواز هاتوون، بەتێپەربوونی کات ئەم ناوچانە تیکەڵ بە کۆمەڵگای شارنشینی ناو شار دەبنەوە، ئەمەش دەبێتە هۆی تێکەڵ بوون و خورەوشت و داب و نەریتی گوند نشینەکان لەگەڵ ناوچەی شار نیشینەکان، بەمەش کاریگەری نەرێنی لەسەر کۆمەڵگای شارنشینی جێدەهێڵێت و ڕەفتاری لادێیی وەردەگرن (احمد، ٢٠١٦، ٣٧) ناوچە زیادەڕۆییەکانی شاری کۆیە کۆمەڵێک ڕەفتاریان لە ناوچە گوندنشینەکان گواستۆتەوە بۆ ناو شارەکە نمونە: گیانلەبەر و پەلەوەر لە ناو ماڵەکانیان بەخێودەکەن. بە تێبینی کردن لە خشتەیەی (١٦) بۆمان دەردەکەوێت کە ژمارەی ئەو خێزانانەی کە ماڵات و پەلەوەر بەخێودەکەن لە گەرەکە زیدەرۆییەکانی شاری کۆیە دا دەگاتە ١٥٢ خێزان کە ڕێژەی ٣٤ ٪کۆی گشتی کۆمەڵگای ئاماری پێکدەهێنێت، ئەو خێزانانەی کە هاوسەرگیری پێش وەختەیان ئەنجام داوە، دەگاتە ١٨٤ خێزان ٤١٪کۆی گشتی کۆمەڵگای ئاماری وەگیراو.

خشتەی ژمارە ١٦

گواستنەوەی دیاردە گوندنشینەکان بۆ ناو شارەکان

| دیاردەی گوندنشێنەکان | ژمارەیان | ڕێژەکەی٪ |
|---|---|---|
| بەخێو کردنی گیانلەبەرو پەلەوەر | ١٥٢ | ٣٤ |
| هاوسەرگیری پێشوەختە | ١٨٤ | ٤١ |

سەرچاوە: فۆرمی زانیاری پرسیاری(١١)

## ٦ ئەنجام و ڕاسپاردە:

### ٦.١ ئەنجام

لەکۆتایدا توێژینەوەکە دەگاتە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

١.دیاردەی زێدەرۆیی نیشتەجێ بوون هەموو ئەو ناوچانە دەگرێتەوە، کە هەژارن لە ڕوی خزمەت گوزارییەکان لە ڕوی یاساییەوە دانپێدانراو نین.

٢.شاری کۆیە یەکێکە لە شارەکانی هەرێمی کوردستان، ساڵ لە دوای ساڵ ڕوبەری لە زیاد بوونە، بە جۆرێک لە ساڵی١٩٤٧ ڕوبەری شاری کۆیە٧٦.٤ هێکتار بووە لە ساڵی ٢٠٢٠ ڕوبەرەکی بەشێوەکی بەرچاو فراوان بووە، گەیشتۆتە ٢٠٣٠ هێکتار ژمارەی دانیشتوانی لە ساڵی ١٩٤٧ گەیشتۆتە ٧٧٠٣ کەس لە ساڵی ٢٠٢٠ ژمارەی دانیشتونی گەیشتۆتە٩٥١٨٦ کەس

٣.ناوچەکانی زیادەڕۆیی نیشتەجێبوون لە شاری کۆیە بە ڕێژەیەکی بەرز بوونی هەیە، لە کۆی ٢٩ گەڕەک ٢٠ گەڕەک بەڕێژەی جیا جیا خانوی زیادەڕۆیی تێدا بڵاو بۆتەوە.

٤. ناوچەی زێدەرۆیی نیشتەجێبوون لە شاری کۆیە دا بە کۆمەڵێک خەسڵەت دەناسرێنەوە، لەوانە بەرزی ڕێژەی نەخوێندەواری و بچوکی ڕوبەری خانووەکان و گەورەیی قەبارەی خێزان و کەمی ڕوبەری سەوزایی.

٥.ناوچەی زیادەرۆیی نیشتەجێ بوون لە شاری کۆیەدا ڕوبەڕوی کۆمەڵێک کێشە دەبنەوە کە بریتین لە کێشەی یاسایی کێشەی خزمەت گوزاری و کێشەی ئابوری کێشەی پیس بوونی ژینگە.

### ٦.٢ ڕاسپاردەکان:

١.دابەشکردنی زەوی بە پلانی گونجاو و بەنرخی هەرزان بەسەر ئەو هاوڵاتیانەی کە سودمەند نەبووین، لەزەوی نیشتەجیبوون هەروەها دروستکردنی کۆمەڵگای نیشتەجێبوون بۆ ئەو خەڵکانەی کە تازە خێزان پێك دەهێنن یاخود کەمدەرامەتن.

٢.دابینکردنی خزمەت گوزاری لە لایەن لایەنی پەیوەندیداری ناوچەی شارەکە بۆ کەم کردنەوەی کەمی کێشەی خزمەت گوزارییەکان.

٣. کردنەوەی خولی تایبەت بۆ هۆشیاری کردنەوەی دانیشتوانی لە لێکەوتەکانی زیادەرۆی لە دروستکردنی خانودا.

٤.جێبەجێکردنی بڕیاری ژمارە ٧ لە ڕێککەوتی٢٠١٨/١٢/٢ کە تایبەتە لە ڕێگری کردن لە دیاردەی زیادەرۆیی.

## ٧. لیستی سەرچاوەکان:

احمد،بنار عبدالوهاب(٢٠١٦). هەرەمەکی نیشتەجێ بوون لە شاری کەلار، نامەی ماستەر بڵاونەکراوە، زانکۆی گەرمیان فەکەڵتی مرۆفایەتیەکان و وەرزش.

جەیدی، مەنداو حمد عەبدوڵلا، (٢٠٠٩).پێکهاتەی ناوخۆی شاری کۆیە، نامەی ماستەر بڵاونەکراوەکۆلێژی زانستە کۆمەڵایەتییەکان، زانکۆی کۆیە.

حسن ،ژیار خدر رسول، ( ٢٠١٦) پێکهاتەی بازرگانی لە شاری کۆیە،نامەی ماستەر بڵاونەکراوە، کۆلێژی زانستە کۆمەڵایەتییەکان ،زانکۆی کۆیە.

حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلان دانان، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری کۆیە،بەرواری(٢٠٢١/١٢/١٣)، ڕۆژی دووشەمە.

حکـــومەتی هەرێمـــی کوردســـتان، وەزارەتی کشـــتوکاڵ و ســـەرچاوە ئاو(٢٠٢١)،بەڕێوبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی هەولێر، بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی کۆیە، وێسگەی کەشناسی(٢٠٢١)،داتای بڵاونەکراوە.

حکومەتی هەرێمی کوردستان،وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار(٢٠٢١)،سەرۆکایەتی شارەوانی.

حەمەد،نالی جواد،(٢٠٠٨)خەسڵەتە سروشتیەکانی هەرێمی چیاکان لە پارێزگای هەولێر و گیروگرفتە ژینگەیەکان،نامەی ماستەر بڵاونەکراوە، کۆ لێژی زانستە کۆمەڵایەتییەکان ، زانکۆی کۆیە.

سلیم، فەرامۆش کاکە لاو( ٢٠٢٠ )،هەڵبەزو دابەزی هەوا کاریگەری لەسەر پشێوی فیسیۆلۆجی مرۆڤ لە پارێزگای هەولێر، نامەی ماستەر ، فاکەڵتی پەروەردە، زانکۆی کۆیە.

### سەرچاوە عەرەبییەکان:

البلداوي، زينب ا رضي عباس، (٢٠٠٨). المناطق العشوائية بين الواقع والطموح نحو بيئة حضرية مستدامة حالة د ا رسية ( أم الورد )، مجلة المخطط والتنمية،العدد( الثامن عشر).

حميد،مسليم كاظم ومهدى ،سالم هادى(٢٠١١)، التحليل البنية السكنية للسكن العشوائى فى المحافظة المثنى ، مجلة كلية التربية ، العدد الحادى العشر

الربداوى ،قاسم (٢٠١٢). المشكلة السكن العشوائى فى المدينة العربية الكبيرى، مجلة جامعة دیمشق ،المجد ٢٨،العدد الاول.

الزامل وليد سعيد احمد ،(١٤٢٨). دراسة مقارنة الأنماط الاحياءالعشوائية، ريسالة ماجستير غير منشورة، نجامعة الملك سعود ،كليه العمارة والتخطيط.

زنكنه،حسن محمد حسن،(٢٠١٣). العشوائيات السكنية ، دار الفراهيدى للنشر وتوزيع بغداد.

سعيد، كامران طاهر، (٢٠١١). توسع مدينة السليمانية بتأثير الاسر الحضرى ، مركز كردستان للدراسات الا ستراتجيه السليمانية.

الصرفندى ،فرج مصطفى(٢٠١١). استريجيات تطوير المناطق العشواية في المحافظات غزة ، ريسالة ماجستير غير منشورة، ، الجامعة غزة ، كلية هندسة

العلوانى،عادل مجيد كسار (٢٠٢١). السكن العشوائي واثره في التنمية الحضرية المستدامة في المدينة المحاويل (الدراسة في الجغرافيه التنمية )، ريسالة ماجستير غير منشورة، جامعة القادسية كلية الاداب.

على،عبد،الامير و على حاتم راشد (٢٠١١)، الهجرة والسكن العشوائي دراسة ميدانية في محافظة الديوانية، مجلة القادسية للعلوم الإنسانية، المجلد الرابع عشر : العدد٤.

القرعاوى، حيدر عطية عبد الناصر (٢٠١٤) . تحليل المكانى لواقع ظاهرة السكن العشوائى في المدينة الكوفة، ريسالة ماجستي غير منشورة، الجامعة الكوفه ،كليه الاداب.

القيسى ،دنيا وحيد عبد الامير،(٢٠١٨). كفاة توزيع الخدمات التعليمية للمراحل الثانويه في بلدية الرشيد (العراق بغداد) بستخدام نضم معلومات الجغرافي ، حوليات اداب عين مجلد ٤٦.

المسوى،محمد عربى(٢٠١٨). التحليل الجغرافى الواقع السكن العشوائى في المدينة العمارة،الدراسات العلوم الإنسانية والجتماعية،المجلد ٤٥، العدد ٤.

مطلك،جمال باقر و البشير حيدر رزاق محمد(٢٠١٦)،تحديد المقترحات لحل السكن العشوائى لمدينة بغداد دراسة التحليلية لمدينة بغداد للفترة ٢٠١٨ -٢٠٠٣، مجلة المخطط و التنمية، عدد ٣٣.

**الكتب**

توێژینەوەی مەیدانی لە ٢٠٢١/١١/٣

توێژینەوەی مەیدانی لە ٢٠٢١/١٢/١

توێژینەوەی مەیدانی لە ٢٠٢١/١٢/١١

.UAKAM, CHANUAN, others (2021). Sample Size Estimation using Yamane and Cochran and KRECIE and Morgan and Green Formulas and Cohen Statistical Power Analysis by G*Power and Comparisons, APHEIT INTERNATIONAL JOURNAL, vol. p 10.

**فۆرمی ڕاپرسی**

**١.** ڕوبەری بینای خانو؟
٢. ئایا خانووەكە باخچەی هەیە؟
٣. ئەو ماددانەی بەكارهاتوون بۆ دروست كردنی خانو؟
٤. ژمارەی ژورەكانی خانو؟
٥. ژمارەی خێزان لە یەک بینای نیشتەجێبوون؟
٦. خزمەت گوزاری بەردەست قوتابخانە ( ) بنكەی تەندروستی ( )
٧. پیشەی بەخێوكەری خێزان پیاو و ژن؟
٩. ئاستی خوێندەواری دایک؟
١٠. چ دەنگێک بۆتە هۆی بێزار بوونتان ؟
١١. لەماڵەكان پەلەوەر یان ئاژەڵ بەخێو دەكەن؟ لە چ تەمەنێک هاوسەگیری ئەنجام داوە؟
١٣.ژمارەی كەس لە خێزان؟
١٤.جۆری خانووەكە چۆنە؟
١٥. باری كۆمەڵایەتی بەخێوكەری خێزان خێزاندار ( ) خێزان مردو ( ) جیابۆوە ( ) سەڵت ( )

.

Original Article | DOI: https://doi.org/10.14500/kujhss.v6n2y2023.pp15-27

# Geographical evaluation of the over population of residents in Koye city (a civil investigation)

**ABSTRACT:**

The residential excess area includes all unplanned areas, which are poor in terms of services, not legally permitted, or have a long history. They are built on government land or agricultural land. These areas have a range of characteristics, including: narrowing their roads and the misuse of goods, in building house population is high in these areas, their population is at a low economic and social level, and their houses have low greenery rates.

The phenomenon of over housing is one of the phenomena that faced most of the world's cities, as a result of poor political, economic and social conditions, migration of large numbers of population from villages to cities, this phenomenon has a negative impact on economic, social, demographic and services. The study of the phenomenon of over-housing in Koya is of particular importance, due to the large scale of the phenomenon of over-housing and the characteristics and problems that their residents suffer from. The aim of our research is to divide the residential excess areas at the neighborhood level and show the situation of residential excess areas in terms of social, economic and environmental and emphasize the consequences of this phenomenon Out of (29) neighborhoods, (20) neighborhoods have different rates of excess houses. Overcrowded areas face a number of problems, including legal problems, service problems, social problems, economic problems and environmental pollution problems.

**KEYWORDS**: Excess, Residence, Situation, Speech, Koya City

Original Article | DOI: https://doi.org/10.14500/kujhss.v6n2y2023.pp15-27